# کوردو ئەمریکا هاوپەیمانێتیەکی برایانە

## کەمال ڕەئوف

ئەستەمە بزانرێ کە لە ئایندەدا ستراتیژیەتی ئەمریکا لە جیهاندا چی دەبێت و چۆن دەبێت, ئەمەش نەك هەر بۆ کەسانێکی ئاسایی ئەستمە تەنانەت بۆ چاودێرە سیاسیەکان و لێکۆلەرەوە زیرەکەکانیش وایە, ستراتیژیەتی ئێستای ئەمریکا بەدوای تێکشکاندنی بلۆکی شەرقیدا بوەتە لوغزێك کە مەگەر هەر چەند کەسێکی کەم لە ئیدارەو دارێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا بیزانن. بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ئیراق و بلاّو بوونەوەی هێزی دەریایی لەناوچەکەو زیادکردنی بنکەسەربازیەکان و دامەزراندنی موشەکی بەرگری لە ئەوروپا ودەنگۆی بەکاربردنی هێز لەدژی ئێران و کێبەرکێی تازەی لەگەڵ روسیا....هتد, هەموو ئەوانە وای کردوە کە تادێت ستراتیژیەتی ئەمریکا لە جیهاندا بکەوێتە ژێر پرسیارەوەو مەترسی ئەوەی لێبکرێت کە جەنگێکی تری جیهانی گەورەو خوێناوی تر لەجەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بەشوێن خوێدا بهێنێت, بەپێی تازەترین ڕاپۆرت دەربارەی میزانیەی جەنگی ئەمریکا , باس لەوە دەکرێت کە لە چەند هەفتەی داهاتودا جۆرج بوش داوا لە کۆنگرس بکات کە 46 ملیاری تر بۆ مەسەلەی خەرجی جەنگی دابین بکرێ, بەپێی قسەی مونیك موریسی کە لێکۆلێرەوەیەکی ئابوری سیاسیە, ئێستا میزانیەی جەنگی ئەمریکا لە نێوان 4,3 – 5٪ لە داهاتی نەتەوەی ئەمریکا پێك دەهێنێت , کە بەمەرجێك, پێشتر واتە لەسالأنی پێش دەستبەکاربونی جۆرج بوش میزانیەی جەنگی 3٪ ی داهاتی نەتەوەیی ئەمریکا بووە. هەندێك لە چاودێران لایان وایە کە خەرجیەکانی سوپای ئەمریکا بەردەوام ڕوو لەزیاد بوون دەکات , چونکە ئەمریکا هەرچەندە دژمنە وەهمیەکەی ئەوسای کە بلۆکی شەرقی بوو ئێستا بەتەواوەتی نابوت بوون و ترسێکی ئەوتۆیان نەماوە, بەلاّم ئەمریکا هێشتا بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر خەریکی خۆ پرچەککردن و دامەزراندی هێزو بنکەی سەربازیە لەناو خۆو لەجیهاندا, لە دەرەوەی سنور زیاتر لە حەوت ولأتی تر کە پێشتر لەسەردەمی جەنگی ساردا بنکەی سەربازیان لێنەبوو ئێستا بنکەی سەربازی و چاودێری تیادا دامەزراندوە, لەناویشەوە بەجۆرێك گرنگی بەمەسەلەی سەربازی دەدات کە تەنها لەناو سنوری خۆیدا شەش هەزار بنکەی سەربازی هەیە, وە لەڕووی ژمارەی سەربازیشەوە لە دەرەوەی سنور ئەو ڕێژەیەی لە 255 هەزارەوە بەرز کردۆتەوە بۆ 325 هەزار سەرباز و بەشێوەیەکی مەحکەم لە شوێنە گرنگ و هەستیارە جۆراو جۆرەکانی جیهاندا جێگیری کردون و لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە توانایی ئەوەیان هەیە کە کاری سیخوری ئەنجام بدەن.

ئەمرۆ ئێمەی کورد بەو قەبارە سیاسی و ئابوریەمانەوە خۆمان بەشەریك و هاوپەیمانی ئەم ئیملاقە دەزانین! بەلاّم چۆن شەریکێك, بڕواناکەم لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانە ئەمریکا شەریك و هاوپەیمانی وەك ئێمە دەستەمۆ و گوێڕایەڵی هەبێت, ئەمریکا ئەگەر بیەوێت بنکەیەکی تری سەربازی لەهەر ولأتێك دامەزرێنێ دەبێت لەڕێگەی دبلۆماسیەوە چەند دانیشتن لەگەڵ کاربەدەستانی ئەولأتە ئەنجام بدات و چەند تەنازولات نیشان بدات تاکو ڕازیان بکات لەسەر خاکە کەیان بنکەی سەربازی بکەنەوە, بەلاّم ئێمەی کورد خەون بەوەوە دەبینین کە ئەمریکاییەکان بێن و بەبێ هیچ قەیدو بەندێك بنکەی سەربازی لە سەرخاکەکەمان دامەزرێنین و ئامادەین لەو پێناوەشدا هەندێك کار ئاسانی و سازشیش بکەین! ئێمەی کورد هەرچەندە ڕەنگە لەدوایین لایەن و شەریك بین لەوەی کە بزانین ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ئایندەدا چۆن دەبێت, کە چی لەهەموو کەس خۆشحالّترین بەو ستراتیژەی کە هێشتا هیچی لێ تێناگەین! ئێمە نازانین شەریکی ئەمریکاو ئێمە لەسەر چ بناغەیەکە , هەتا ئێستاش لەوە تێنەگەیشتوین کە ئاخۆ ئەو لەئایندەدا چیمان لێدەخوازیت و دەکەوینە کوێی موعادەلاتە سیاسی و سەربازیە جیهانیەکەوە؟ وەلەوەش تێناگەین کە شەریکی و هاوپەیمانێتی لەنێوان دوهێزدا لەنێوان دولایەندا دەبێت لەسەر ئەوەبێت کە هەردولا ئەرك و مافەکانیان لەبەرانبەر یەکدا لەو ڕێکەوتنەدا بەتەواوەتی بزانن , دەبێت بەرژەوەندیەکانی هەردولا زۆرو کەم لەبەر چاو گیرابێت و باسکرابێت, بەلاّم ئێمەی کورد لەو هاوپەیمانیەدا ئێستا هەر ئەوەندە تێدەگەین کە دەبێت بەندەیەکی موخلیس بین بۆ هەر داوایەك کە ئێستاو دواتر ئەمریکای هاوپەیمان داوامان لێدەکات, بۆیە زۆرمان نەوتوە گەر بلّێن: ئێمەی کورد شەریکیمان لەگەڵ ئەمریکا لەسەر سیقەی برایانە کردوە نەك ڕێکەوتنی سیاسی لەسەر ئایندە.